# زەبرو زەنگی یاسای لەسەر توخمی مێینە

ئەمیرە حەسەن

لەژمارەکانی پێشوودا بەگشتی باسمان لەکەموکورتی یاساکان کرد لەئاست کێشەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمەداو بەتایبەتی لەئاست کۆژانەکانی ژنان لەکۆمەڵدا، بەڵام لێرەدا زیاتر رۆشنایی دەخەینە سەر یاساکانو نەك تەنها بەکەموکورتیان دادەنێین، بەڵکو بەبەرپرسیاریان دادەنێین لەدروستکردنی رێگریو تەنگو چەڵەمە کە هۆکاری سەرەکی کۆژانەکانی ژنانن، زۆر برگەی هەندێ لەیاساکان خۆی زەبرو زەنگ دەنوێنیو دار دەداتە دەست کەسوکارو مێردو کەسانی تر کە ژنان بچەوسێننەوە

پێش دەستنیشانکردنی (زەبرو زەنگی یاسایی) کە قورسترین جۆری زەبرو زەنگە ئاماژەیەکی خێرا ئەکەین بۆ زەبرو زەنگو جۆرەکانی بەگشتی کە بریتین لەزەبرو زەنگی جەستەیی، سێکسی، خێزانی، کۆمەڵایەتی، فێرکاری.

زەبرو زەنگ دیاردەیەکی مرۆڤایەتیو جیهانییەو لەسەدەی بیستو ئێستاشدا زۆر پەرەی سەندووەو جۆرە کانیشی بەپێی شوێنو کات دەگۆڕێ بۆ نمونە تاوانەکانی سەردەم لەبازرگانی بەژنو منداڵانەوە کە زەقترین دیاردەی جیهانی نوێیە بریتییە لەگۆڕانی شێوازی زەبرو زەنگ وەك ڤایرۆسی پەتاو هەڵامەت چۆنساڵانە ئەگۆڕێو خۆی ئەگونجێنێ، لەگەڵ کەشوهەوادا، بەڵام بەداخەوە لەجیاتی ئەوە کە یاسا کە بەرهەمی مرۆڤەکانەو بەناو ژیانو پەیوەندیەکانی تاك کۆمەڵی پێ رێك دەخرێو شارستانیەتی میللەتان دەردەخاتو چارەسەری دەکا، خۆی هەندێ جار یارمەتیدەرە بۆ درێژەدانی زەبرو زەنگ، چونکە یاساکان رەنگدانەوەی بیرو بۆچونی مرۆڤەکانن کە کاریگەری ئاینو ئاینزاییو دابونەریتی کۆمەڵیان لەسەرە سەرەڕای ئەمەش لەوڵاتانی دواکەوتوو تازە پێگەیشتوی جیهانی سێهەمدا کە ئێمەش دەگرێتەوە یاساکان دەستنوسی پیاوو بۆچوونی مەوزوعی ئەوانە بۆ ژنو مەسەلەکان رەنگدانەوەی هەیە، چونکە پەیڕەوی سیستمی پیاوسالاری باوە لەم کۆمەڵانەدا بۆ نمونە یاسا بەپێی مادەی ٤١ لە یاسای سزادانی عێراق بەلێدانی ژنو منداڵو قوتابی لەلایەن سەرپەرشتیاریانەوە لێرەدا ژن وەك پێنەگەیشتویەك مامەڵە دەکا کە ئەمەش کاریگەری شەریعەتی لەسەرەگوایە ژن ئەبێ گوێڕایەڵی پیاو بێت کە ئەمەش لێکدانەوەی هەڵەی رێچکەکانی (مەزاهب) ئاینە بۆ دەقە پیرۆزەکان کە لەلایەن ژیری مرۆڤ لێکدراوەتەوە رەها نیەو قابیلە بۆ هەڵە، بەڵام ئەگەر واش بێت بەپێی شەرع ژن بە (سواك) کە دانی پێ پاك دەکرێتەوە، تەئدیب دەکرێ پاش راوێژکاریو بەجێهێشتنی جێگەی هاوسەری نەك بەو شێوەیەی کە رۆژانە دەبینرێ ژن زۆر بەوەحشیانە لێ ی ئەدرێ و یاساش لەمادەی ٤١٣ و ٤١٥ و ٤١٢ی یاسای سزادان کاتێك سزای تاوانکار ئەدا زۆر رێگر ئەخاتە بەردەمی ژن وەك کۆتو بەندی کۆمەڵایەتیو شورەییرێگاکانی سەلماندن لەراپۆرتی پزیشکیو شاهیدو هەندێ لەم مادانەش مافی گشتی تیا نیە، بۆیە ژن ناچار دەبێ لەتاوانکار خۆش بێت لەژێر فشاردا، هەروەها مادەی ٤٠٩ سزادان رێگا بەپیاو ئەدا ژن بکوژێ بەپاساوی دیفاع لەشەرەف، چونکە پێوەری کۆمەڵی ئێمە بۆ شەرەف ژنە، هەرچەندە بەپێی شەرع سەلماندنی خیانەتو زینا زۆر گرانە، بەڵام یاسا پێوەری شەرعی بۆ دانەناوەو بۆیە هەزاران ژن ساڵانە بەپاساوی شەرەف دەکوژرێو کاتێکیش ئەم یاسایە چاك کرا بەبڕیاری ٥٩ هەرێمی کوردستان رۆڵی خۆی نەبینی لەبەر هەندێ هۆ کە دواتر رونی دەکەینەوەو هەتا ئێستا ژنان دەبنە قوربانی ئەو بۆچونەی (ئەوانی ژن) پێوەری شەرەفن لەکۆمەڵدا.

یان یاسای نەهێشتنی لەشفرۆشی مادەی ٣،٤ کە ژن گەر لەشبفرۆشێ بەپارە ئەوا دوو ساڵ زیندانی دەکرێ، وەك ئەوەی پیاوی لەشکڕ (گیرفان پڕ) هیچ تاوانێکی ئەنجام نەدابێ!!

جگە لەوەش بۆچونی پیاو و کۆمەڵ وایە ژن جێگای تەنها موبەقەو ئامرازی زاوزێ کردنەوە پەراوێز دەکرێ لەناوەندی دەسەڵاتو بڕیاردانو چالاکیەکانی کۆمەڵ لەژێر پاساوی شورەییوشەرەفو نەبوونی ژیریو لێهاتووی هەندێ جار ئەگەر یاساش مافی بداتێ، پیاوەکان بەبیانوی نەشیاوی دابو نەریتی کۆمەڵایەتییەوە لێی دەسەنەوە.

ئەمانە چەند نمونەیەکی ئاسایین لەدەیان نمونەی یاسایی کە ناکرێ لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێ کە ژن دەکەن بەکۆیلەو دەیچەوسێننەوە کاتێکیش داوایی چاکردن دەکرێ دەوترێ دەسکاری شەرع دەکرێو ژن ئازادی رەهای دەوێ؟!

نەخێر چاکردنی یاساکانو یەکسانی ژنانو پیاوان لەبەردەمی یاسادا کارێکی شارستانییەو مافی بنەڕەتی سروشتی ژنانە کە وەك مرۆڤ سەیر کرێ نەك حەواو ئادەم؟ چونکە حەوا لەپەراسوی ئادەم نەبووە!!

## دەرئەنجامی راپرسی رۆژنامەی (ڕێوان)

پ١/ بەڕای بەڕێزت خەڵك بۆ خۆپیشاندان دەکات؟

٦٨% نەبونی خزمەتگوزاری

٢٨% گەندەڵی

٣% وەڵامی نیە

پ٢/ تا چەند لەگەڵ ئەو خۆپیشاندانانەی کە لەم دواییانەدا لەناوچەکانی کفریو کەلارو دەربەندیخانو چەمچەماڵ ئەنجامدرا؟

٨٠% زۆر

٥% مامناوەند

٥% کەم

٥% هیچ

١% نازانم

٢% وەڵامی نیە

پ٣/ پێشبینی ئەوە دەکەیت کە لەسلێمانی خۆپیشاندان بکرێت؟

٦٩% بەڵێ

١٩% نەخێر

١% وەڵامی نیە

١٠% نازانم

پ٤/ گەر ئەو خۆپیشاندانە بکرێت لەگەڵیدایت؟

٧٦% بەڵێ

١٧% نەخێر

٣% نازانم

١% وەڵامی نیە

پ٤/ تا چەند هیوات بەخۆپیشاندانەکان هەیە بۆ گۆرانکاری؟

٤٤% زۆر

١٩ مامناوەند

١٨% کەم

١٦% هیچ

١% وەڵامی نیە

# ڕاگەیەنراوی کۆبوونەوەی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی رۆژنامەنووسان

بە مەبەستی قسەکردن لە هەلومەرجی رۆژنامەنووسان لە رووداوی خۆپیشاندانەکانی چەند رۆژی رابردووی شارو شارۆچکەکانی کوردستان، لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی رۆژنامەنووسان رۆژی شەممە ١٢/ ٢٠٠٦/٨ کۆبووەوە.

پاش تۆمارکردن و تاووتوێکردنی ئەو دۆخەی کە رۆژنامەنووسان کاری تێدا دەکەنو هەڵسوکەوتی دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆو دەزگای ئاسایش و هەندێك خەڵك بەرامبەر پەیامنێری کەناڵەکان، لیژنەکە گەیشتۆتە ئەو حەقیقەتەی کە لە چەند رۆژی رابردوودا چەندین پێشێلکاریی دەرهەق بە رۆژنامەنووسان کراوە، ئەمانەی خوارەوەش ئەو حاڵەتانەن کە تا ئێستا لامان تۆمارکراون:

* یاسین مستەفا، کەناڵی (زاگرۆس)، لە خۆپیشاندانی رۆژی ٨/٧ی شارۆچکەی دەربەندیخان لە لایەن هێزەکانی پۆلیسەوە دەستدرێژیی کراوەتە سەرو کامێراکەی شکێنراوەو یەك سەعات دەستبەسەر کراوە.

* ئاسۆ عەلی، رۆژنامەی (خەڵك)، لە خۆپیشاندانی رۆژی ٨/٧ی شارۆچکەی دەربەندیخان لە لایەن هێزەکانی پۆلیسەوە دەستگیرکراوەو تا ئێستا ئازاد نەکراوە.

* تاهیر تۆفیق، رۆژنامەی (شەقام)، لە خۆپیشاندانی رۆژی ٨/٧ی شارۆچکەی دەربەندیخان لە لایەن هێزەکانی وەزارەتی ناوخۆوە دەستگیرکراوەو تا ئێستا ئازاد نەکراوە.

* کۆچەر تایەر، رادیۆی (جەماوەری کوردستان)، لە خۆپیشاندانی رۆژی ٨/٧ی شارۆچکەی دەربەندیخان لە لایەن هێزەکانی پۆلیسەوە دەستگیرکراوەو تا ئێستا ئازاد نەکراوە.

* شێرکۆ شوانی، رۆژنامەی (داهێنان)، لە خۆپیشاندانی رۆژی ٨/٦ی شارۆچکەی چەمچەماڵ کامێراکەی شکێندراوەو رۆژی ٧/ ٨یش لە ناحیەی شۆڕش بۆ ماوەی ٣ کاتژمێر لە لایەن هێزەکانی پۆلیسەوە دەستگیرکراوە.

* هادی موحەممەد، تەلەفزیۆنی ئازادی- گەرمیان، لە خۆپیشاندانی رۆژی ٨/٧ی شارۆچکەی دەربەندیخان لە لایەن هێزەکانی پۆلیسەوە دەستگیرکراوەو کاسێتەکەی لێسەندراوەو پاش چەند کاتژمێرێك ئازادکراوە.

* هێمن بابان، رۆژنامەی (هاوڵاتی)، لە خۆپیشاندانی رۆژی ٨/٥ی شارۆچکەی کفری بۆ یەك شەو لە لای هێزەکانی پۆلیس زیندانیی بووە.

* فریاد حەسەن، رۆژنامەی (هاوڵاتی)، لە خۆپیشاندانی رۆژی ٨/٧ی شارۆچکەی دەربەندیخان لە لایەن هێزەکانی پۆلیسەوە کامێرای لێسەندراوە.

* رەحمان غەریب، رادیۆی ئازادی، لە خۆپیشاندانی رۆژی ٧ /٨ی شارۆچکەی دەربەندیخان سەعاتو نیوێك لە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی دەربەندیخان دەستبەسەر بووە.

* عەلی حەمە ساڵح، رۆژنامەی (هاوڵاتی)، شەوێك بەر لە خۆپیشاندانی رۆژی ٨/٧ی شارۆچکەی دەربەندیخان لە لایەن هێزەکانی پۆلیسەوە دەستگیرکراوەو تا ئێستا ئازاد نەکراوە.

* جەزا موحەممەد، رۆژنامەی (ئاوێنە)، لە خۆپیشاندانی رۆژی ٨/٧ی شارۆچکەی دەربەندیخان سەعاتو نیوێك لە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی دەربەندیخان دەستبەسەر بووە.

* یەحیا بەرزنجی، ئاژانسی (ئەسیۆشیێتد پرێس)، لە خۆپیشاندانی رۆژی ٨/٧ی شارۆچکەی دەربەندیخان لە لایەن پۆلیسی ئەو شارۆچکەیەوە پێی وتراوە کە "نابێت هەواڵی خۆپیشاندانەکە بگوازیتەوەو دەبێت ئێرە بەجێبهێڵیت".

* نەبەرد ئەحمەدو مستەفا عەبدوڵلا، تەلەفزیۆنی کۆمەڵ- کەناڵی گەرمیان، ئاسایش کاسێتی کامێراکەی شکاندوون.

* ئیکرامە غائب، رۆژنامەی (ڕێوان)، لە خۆپیشاندانی رۆژی ٨ /٨ی شارۆچکەی کەلار لە لایەن خەڵکەوە ئازاردراوە.

* ئاسۆ جەوهەر، رۆژنامەی (ئاوێنە)، لە خۆپیشاندانی رۆژی ٨/٦ی شارۆچکەی چەمچەماڵ لە لایەن خەڵکەوە دەستدرێژیی کراوەتە سەر.

* شۆڕش رەئوف، رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، لە خۆپیشاندانی رۆژی ٨/٧ی ناحیەی شۆڕش لە لایەن هێزەکانی پۆلیسەوە ناسنامەکەی لێسەندراوەو رێگەی راپەڕاندنی کارەکانی پێنەدراوە.

شایانی وەبیرهێنانەوەیە کە ئەم پێشێلکارییانە دوابەدوای کۆبوونەوەی رۆژی ٢٠٠٦/٦/٨ی وەفدی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی رۆژنامەنووسان لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دێت، کە لە میانەی ئەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆکی حکومەت داواکانی لیژنەکەی پەسەند کردو لە رێگای وتەبێژیی رەسمیی حکومەتەوە راگەیەنرا کە: "نابێت رۆژنامەنووسان دەستگیر بکرێنو دەبێت لە کاتی راپەڕاندنی کارەکانیاندا (حەصانە)یان هەبێتو، هەر کەس دەستدرێژیی بکاتە سەریان، لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت، ئەمە جگە لەوەی کە پێویستە دەرگاکان واڵابن بە رووی رۆژنامەنووساندا و سەرچاوەکانی هەواڵ ئازاد بن بە بێ هیچ سانسۆرێك".

**لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی رۆژنامەنووسان**
**٢٠٠٦/٨/١٢ - سلێمانی**

ئیمزاکان:

رۆژنامەی کۆمەڵ. - رۆژنامەی وەرچەرخان - رادیۆی کۆمەڵ.- تەلەفزیۆنی کۆمەڵ- رۆژنامەی رۆژانەی سلێمانی- رۆژنامەی ژیانەوە- رادیۆی دەنگی کوردستان لە سلێمانی- تەلەفزیۆنی زاگرۆس لە سلێمانی- رۆژنامەی ئاسۆ.- رۆژنامەی کرانەوە- رۆژنامەی شەقام- رادیۆی زەحمەتکێشان- تەلەفزیۆنی زەحمەتکێشان- رۆژنامەی گەنج لاند- رۆژنامەی هاوڵاتی- رۆژنامەی کوردستانی نوێ- رۆژنامەی ئاوێنە.- رادیۆی ئازادی- تەلەفزیۆنی ئازادی- رۆژنامەی خەڵك- رۆژنامەی رێگای کوردستان- رۆژنامەی یەکگرتوو.- رۆژنامەی داهێنان- رادیۆی یەکگرتوو- تەلەفزیۆنی یەکگرتوو- رۆژنامەی ڕێوان.- رۆژنامەی راسان- رۆژنامەی ئاڵای ئازادی- رادیۆی جەماوەری کوردستان.- رۆژنامەی میدیا.- رۆژنامەی هەولێر پۆست.- رۆژنامەی کۆمەڵ- رۆژنامەی خەنات نوسینگەی سلێمانی- رۆژنامەی رێبازی ئازادی- رۆژنامەی (نهج الحوریە)- تەلەفیزیۆنی سۆسیالیست.